Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.31

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Gulbahar Omar Ahmad
gulbaharchali@gmail.com

RECEIVED :17 /08/2025
ACCEPTED :18/10/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

# زمانی کوردی لەنێوان چەمک و واتادا

**گوڵبەهار عمر احمد**/بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
**صباح رشید قادر**/بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر،هەرێمی کوردستان، عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
چێوەی کۆزانیاری، درکپێکردن، ئەزمونی هەستی و جولاوەیی، چەقگەرایی چێوەکان.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (زمانی کوردی لە نێوان چەمک و واتادا) لە سنووری سیمانتیکی درکپێکردندایە، پێداگری لە سەر چێوە مەعریفییەکان دەکات. بیرۆکەی سەرەکی سیمانتیکی درکپێکردن ئەوەیە، کە واتا شتێکی نابەرجەستە نییە، پشت بە مەرجەکانی راستی(Truth condition) نابەستێ، بەڵکو بەرجەستە نییە و هەڵقوڵاوی بواری ئەزمونی مرۆڤە، بە واتای ئەوەی لە ئەزمونی هەستی و جولاییەکانمان سەرچاوە دەگری و کارلێکی نێوان جیهان و کردەکانی درکپێکردن دێتە کایە ( وەکو درکپێکردن، سەرنجدان و پۆلکردن)، بیرۆکەی ئەم بۆچونە لە بنچینەدا بۆ (Charles Fillmore) دەگەڕێتەوە، کە بە ناوی چەقگەرایی چیوەکان (frame centrality of) خستیەروو، فیملۆر پێوایە چێوەی مەعریفی (cognitive frame) جۆرێکە لە مەعریفە(کۆزانیاری) رێکخراو لە زەینی قسەکەردا، کە بەشێکی تێکچڕژاوی ئەزمون و باوەری مرۆڤە، لەوەدا چێوەی کۆزانیاری بەشداربووەکان (رۆڵ، قەوارە و هەڵواسراوەکانیان)، زنجیرە روداوەکان لە خۆ دەگری، لەم توێژینەوەدا هەوڵدراوە کە روونبکرێتەوە چۆن لە لای تاکی کورد کاتێ هەر وشەیەک وەردەگرێ بە بیستن، یان خوێندنەوە، وێنەی وشە بۆ ماوەیەکی کەم لە یادگەی کورتخایەنی دەمێنێتەوە، دواتر وێنەی وشەکە بۆ لای چەپی مێشک و هەموو شوێنکەوتەی وشەکە، لە وێنە، شێوە و رەنگ و... بۆ لای راستی مێشک دەکشێ و وەکو چەمک ئەنبار دەکرێت. وەک توانایەکی ئەنبارکراو دەتوانیت دووبارە لە کاتی پێویست بەکاری بهێنێتەوە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

### ١. ناونیشان و سنووری توێژینەوە:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە: (**زمانی کوردی لەنێوان چەمک و واتادا**) سیمانتیکی مەعریفی پێیوایە، کە واتا لە بنچینەدا لە چێوەی درکپێکردن و ئەزموونی مرۆڤدا ڕەگ دادەکوتێ، چێوەی مەعریفی بەو پێیە بریتی دەبێ لە دەستەیەک کۆزانیاری ڕێکخراو و پێویست، کە ئەزمونی مرۆڤ ڕێکدەخاتەوە، بەوەش واتا وشەکان تەنیا لە ڕێگەی وروژاندن یان پشتبەستن بەو چێوە مەعریفییە بە دەست دێت، بەوەش تێگەیشتن لە زمان، لە ناوەڕۆکدا بریتییە لە کاراکردن و چارەسەری لە بازنەی چێوەی مەعریفییەکاندا،

### ٢. سنوری توێژینەوە:

سنووری توێژینەوەکە دەچێتە ئاستی سیمانتیکەوە، بە واتایەکی تر مامەڵەکردن لەگەڵ واتا ناچیتە بواری پێناسەیەکی فەرهەنگییەوە، بەڵکو دەچێتە ناو تۆڕی کۆزانیارییەوە (cognitive network)، تۆڕێکی کۆزانیاری ئەزمونگەری ڕێکخراوە.

### ٣. گرفت و ئامانجی لێکۆڵینەوە:

ئەو گرفتەی ئەو توێژینەوەیە دەیەوێت چارەسەری بۆ بدۆزیتەوە، ئەوەیە ئایا لە نێوان واتای وشە لە چوارچێوەی فەرهەنگدا مەمەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، یان وەکو تۆڕێکی کۆزانیاری ڕێکخراو تێکەڵ بە ئەزموونی مرۆڤەوە مەمەڵەی لەگەڵدا دەکرێ؟ ئێمە بە پێی ئەو چوارچێوە تیۆرییەی لە توێژینەوەکە دەستەبەر دەکرێ، دەبێ پشتیوانی لە بۆچوونی دووەم بکەین، ئامانجمان لەم توێژینەوەیە ئەوەیە پاساوی بۆ بهێنینەوە، یان لە چوارچێوەی سیمانتیکی درکپێکردندا بیسەلمێنین.

٤. پرسیاری توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەین:

ا. وەرگری پەیام کاتێ کە وشەیەک بە بیستن، یا خوێندنەوە، یا بینین، وەردەگری چۆن لە یادگەدا هەڵدەگریت.

ب. چێوەی مەعریفی چۆن ڕۆڵ بە کەرەستەکانی زمانی دەدات؟

ج. سیمانتیکی مەعریفی و چەمک لە زمانی کوردیدا چۆن هەڵسوکەت لەگەڵ زانیارییەکان دەکەن؟

### ٣. ڕێبازی پەیڕەوکراو:

ئەو ڕێبازەی لێرەدا پەیڕەوکراوە، ڕێبازێکی وەسفی شیکارییە لە چوارچێوەی سیمانتیکی درکپێکردن، نەک مەرجەکانی ڕاستی.

### ٤. ناوەڕۆکی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە پوختەیەک و دوو تەوەرە پێکهاتووە بەم شێوەی خوارەوە:

لە تەوەری یەکەم؛ لە نێوان چەمک و وتا، باس لە چەمک و واتا و ڕوونکردنەویەک لە سەر هەردوو زاراوە دەکرێت، دواتر لە گریمانەی مەعریفی و ڕۆڵی بابەتانە و کێشەی نواندنەکان قسە دەکرێت، لە بەشی دووەمدا: زمانی کوردی لە نێوان چەمک و واتادا، تیشک دەخرێتە سەر سینتاکس و سیمانتیکی مەعریفی و هەروەها نمونەی لە کوردیدا ڕوون دەکرێتەوە، لە کۆتایشدا لیستی سەرچاوەکان دەخرێتە ڕوو.

### ١.١. لە نێوان چەمک و واتا:

پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان چەمک و واتا هەیە، بەڵام سروشت و ناوەڕۆکی ئەو پەیوەندییە زۆر بە ڕوونی دەرناکەوێ. با وا گریمانە بکەین، کە چەمکەکان نواندنێکی دەروونی کەرەستەکانە (بۆ نمونە: سێو، کورسی)، کە چی واتا بریتییە لە تێگەیشتنی خەلکی بۆ وشەکان و دەربڕاوە زمانییەکانی دی(وەکو: سێو، کورسییەکی گەورە). زۆربەی زانا مەعریفییەکان بە تایبەتی دەروونناسەکان پێیانوایە، کە وا چەمک و واتاکان هاوتان و بەلایەنی کەم واتای دەربڕاوەکەی بریتییە لە نواندنێکی چەمکی لە مەعریفەی مرۆڤەکاندا، بۆ دەستنیشانکردنی ناوەڕۆکی چەمکەکان دەبێ شوێنکەوتەی واتای ئەو دەربڕاوە بێ، کە پەیوەندی پێوە هەیە(بڕوانە42 :Malt, 1971 و Morphy, 1991:11). بەڵام زۆربەی ئەوانەی لە

بواری مەعریفی کار دەکەن، گریمانەی ئەوە دەکەن، کە وا چەمک و واتا جیاوازیی کرۆکی و بنەڕەتییان هەیە لە پاڵ بوونی پەیوەندی لە نێوانیاندا، بەڵام ئەو پەیوەندییە، پەیوەندییەکی تەواوکارییە، نەک پەیوەندی هاوتایی یان هاوسەنگی، ئەو گوتنەش بێگومان پێویستی بە سەلماندن و لێکدانەوە هەیە، بۆچونەکان دەکرێ بەو شێوەیە خوارەوە ڕێکبخرێتەوە:

1. دەربڕاوە گوزارەییەکان چەمکەکان دەنوێنن.
2. چەمکەکان بریتین لە نموونە بنەڕەتییەکان (جۆرییەکان-prototype).
3. چەمکەکان لە سیاق و چوارچێوە جیهانییەکان دادەماڵرێن.
4. واتای وشەکان بریتین لە چەمکەکان.

بە واتایەکی تر: چەمکەکان بە سیاقەکانیانەوە دەوردراون، بەڵام چوارچێوەکانیان زیاتر پێگەیی و ناوچەیین. وشەکان چەمکەکان بەکار دەهێنن، بەڵام خۆیان چەمکەکان نین. مەبەست لەم خاڵانە ئەوەیە، کەوا هێما پەیپێبراوەکان چەمکەکان دەنوێنن، ئێمە لێرەدا زاراوەی هێما پەیپێبراوەکان لە بری Perceptual Symbols بەکاردێنن، چەمکەکان بریتی دەبن لە نموونەی کەسەکان لە نمونەی جیهانیدا (بڕوانە، Barsalou & Hale, 1993:32)، دەکرێ ئەم لێکدانەوانە باشتر ڕوون بکەینەوە: چەمکەکان بە سیاقەکانیانەوە دەورە دراون چێوەکانیشیان بە پێی هەڵوێستەکە دەگۆڕێ. ئەو تیۆرە (تیۆری مەعریفی) نواندنە پەیپێبراوەکان و کۆزانیارییە هەڵوێستییەکان(Situational Knowledge) بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکار دێنێ.

### ٢.١. سیمای ڕێبازە گوزارەییەکان: (Advantage of the propositional approach)

ئەو نیشانە دەبێ بەو پرسیارە دەست پێبکات: بۆچی زانا مەعریفییەکان ئەو نواندنانەی پشت بە گوزارەییەکان دەبەستن بۆیان گرنگن؟

نواندنە گوزارەییەکان ڕێگەیەکە بۆ نواندنی کرۆکی زمان، فەیلەسوفەکان بەر لە زانا مەعریفییەکان ئاماژەیان بەوە داوە، کە وا داڕشتنەوە (پارافرێزکردنەوە) لە زماندا پێویستی بە بوونی نواندنێکی چەمکی قولتر هەیە. (بڕوانە، Mandler & Ritchey, 1977:386)

لە بەرامبەردا زانایانی دەروونناسی هەستیان بە گرنگی ڕێبازە گوزارەییەکان کرد، دوای ئەوەی هەستیان بە لاوازی یادگەی خەلکی کرد لە وەرگرتنی وێنە پیتییەکان و دەربڕاوە رووکەشیەکان ، بۆ نمونە دوای بیستنی هەر دەربڕاوێک نزیکەی دوای (٢٠ چرکە)، جا بە بیستن یان خوێندنەوە، مرۆڤ ناتوانی وێنە ڕووکەشەکەی بە بیر بێتەوە، بەڵکو ناوەرۆک و کرۆکەکەیان بە بیر دێتەوە بۆ نمونە، وشەی: باخ یەکسەر بیرت بۆ ناوەرۆک و چەمکی باخ دەچێ نەک پێکهاتەی وشەکە (ب، ا، خ)، باخ وەکو شوێنێ کە درەختی میوە و گوڵ و گوڵزار لە مێشکی قسەکەردا خۆی دەنوێنێ. دەروونناسەکان و زانا مەعریفییەکان پێیانوایە نواندنە دەقییەکان گرنگن، چونکە زمان سروشتێکی بەرهەمهێن دەدات بەدەستەوە و لەگەڵ بیری مرۆڤ دەیبەستێتەوە لە میانەی بەستنەوەی ئەرگۆمێنتەکان (بەهانەکان) بە دووبارەکردنەوەکانەوە.

نواندنە گوزارەییەکان چەقگەراو تەوەربەند دەبن لە زانستە مەعریفییەکاندا دەکرێت مامەڵەکردن لەگەڵیاندا ئاسانتربن. لەلایەکی ترەوە ئەو جۆرە نواندنە دەروازەیەک لە ڕووی درکپێکردنی مرۆڤ دەکاتەوە، زمانیش بە گشتی دەکەوێتە چێوەی ئەو بازنە مەعریفییەوە(بڕوانە: Barsalou, 1991:64).


### ٣.١. گریمانەی مەعریفی:

لەلای زانا مەعریفییەکان وا گریمانە دەکرێ، کەوا داڕشتنێکی گشتی هاوبەش لە نێوان هەموو نواندنە مەعریفییەکانی مرۆڤایەتیدا هەیە. بە پێی بۆچونەکان بێت، کەوا نواندنە مەعریفییەکان بە یەک ڕیزبەندی گشتی لە نواندنەکاندا کاردەکەن، ئەوەش دەرگای ئەوە دەکاتەوە، کە وا ڕۆنانی بنچینەیی مەعریفە چۆن دەخاتەڕوو، بەڵام دەبێ ئەو نواندنە دوو مەرج دەستەبەر بکات:

دەبێ هەموو جۆرە نواندنە مەعریفییەکانی مرۆڤ لە خۆ بگریت.


دەبێ نمونەی نواندنەکە هێندە ورد بێ و مەرجدار بێ بۆ ئەوەی بتوانرێ تاقیبکرێتەوە، ئەو گریمانەیە کاریگەرییەکی

کرۆکی دەبێ بە سەر دەڕوونناسی مەعریفی، دەمارناسی، فەلسەفەی عەقل، زمانەوانی دەروونی، فەلسەفەی زانستەکان و زانستی زانیارییەکان، (بە لای بارسالۆوە)، ئەو شێوە گشتییە دەبێ بەڵگەی ئەزموونگەری پێشکەش بکات، ئێمە هەندێ لەو شێوە نواندنانەی بارسالۆ دەخەینەڕوو، کە چێوەی مەعریفی دەیانخاتەڕوو:




هێڵکاری ژ.1، *نواندنی سیما و بەهاکان لە چێوەی مەعریفی دا*


لە سەری سەرەوە دوو بازنەی ناو یەکەکە (چەقە گرێ) دەستنیشان دەکات، کە زیاتر نواندنی چەمکەکەیە، ئەوەی تێبینی دەکرێت، کەوا سیماکان Attribute دەستنیشانی بەهاکان (Value) دەکەن، لەبەرئەوەیە گرێ لاوەکییەکان Sub-Node لە دوای سیماکانەوە دێن، هەمان ژمارەی سیماکان هەڵدەگرن، بازنەکان بە گرێ ناودەبرین، چەقە گرێ هەموو چەمکەکە لە خۆی کۆدەکاتەوە دواتر لە ڕێگای سیماکانەوە چەمکەکە بە سەر هەموو گرێ لاوەکییەکان دابەشدەکات و بەشێک لە بەهای چەمکەکانیان پێدەبەخشێ(بڕوانە: Barsalou, 1999:74). بارسالۆ ئەو هێڵکارییانە لە چوارچێوەی ڕۆنانی چێوەکاندا دەخاتەڕوو. چێوەکان وەکو پەیکەری سیماکان دەخاتەڕوو لە پاڵ بەها دووپاتکراوەکاندا، بەڵام بە مەرج و کۆتبەندی زیاتر، چێوەکان وەکو نواندنی سەرچاوە لە ڕووی سیماکانەوە دەردەکەوێ، لەوەی سیماکان و بەهاکان و سیمای بەهاکان و بەها بەرامبەرەکەی دەگەیێنێ، چەقە گرێ وەکو سەرچاوە بۆگەڕاوە سەیر دەکرێ، لە بنچینەدا ئەو چێوە مەعریفیانە بریتییە لە هەندێ وەسفی دیاریکراو، لەوەدا چەمکە بنەڕەتییەکە بە گەلێ ڕێگەی جیاواز دەنوێنێ (بڕوانە: Lobner, 2012: 279). گرێیەکان بابەت و بەهای سیماکان دەنوێنن گرێ، تیر ئاساکان تیرئاسا ناولێنراوەکان سیماکان دەنوێنن، چەقە گرێیەکان وەکوسەرچاوە بۆگەڕاوەی چێوە مەعریفییەکان دەردەکەون، چەقە گرێیەکان سەرچاوەی وێنە زانیارییەکانە، لە ڕێگەی چەقەگرێیەکە دەکرێ بگەین بە گشت گرێکانی تر، لە ڕێگەی کەوانەیەک، یان ژمارەیەک لە کەوانەکان، هێچ گرێیەک لە سەڕووی گرێی چەقەوە نییە، خۆی بەهای سیماکان نییە، ئەو وێنەی لە سەرەوە خستمانەڕوو، زیاتر نواندنێکی نابەرجەستەییە، بە واتایەکی تر چەقە گرێیەکە سیمای (١) و سیمای(٢) و بەهای (١) و بەهای (٢) دەستنیشان دەکات، تایبەتمەندیی (V2) و هەردوو سیمای (٣) و سیمای (٤) لە خۆ دەگری، کە هەردوو (بەهای ٣و ٤) وەردەگرێ.




دره‌ختی (2) دره‌ختی شوێنكه‌وته‌یی. (Lobner, 2000: 37)

لێره‌دا تیشكۆی دره‌خته‌كه كرداری (won) خۆیه‌تی، به‌ڵام به دوو ئاراسته‌ی جیاواز تیشكه‌كانی بڵاوده‌كاته‌وه، به‌ره‌و لای چه‌پ ڕاسته‌وخۆ بۆ بكه‌ر ده‌ڕوات، له ڕێگه‌ی بكه‌ره‌وه به‌ره‌و دیاریكاره‌كه ده‌گه‌ڕیته‌وه. به‌ره‌ولای ڕاست ئاراسته ده‌كرێ، سه‌ره‌تا به‌ره‌و به‌ركاره‌كه ده‌ڕوات، دواتر بۆ لای چه‌پ ده‌گه‌ڕێته‌وه، بۆ به‌ستنه‌وه به ژماره‌كه به دیارخه‌رێكی ئاوه‌ڵناوییه‌وه ده‌به‌ستێته‌وه، دواتر بۆ دیارخه‌ره‌كه ده‌گه‌ڕێته‌وه.

ئه‌و دره‌خته ئاراسته‌ییه ده‌كرێ به دره‌ختێكی ڕۆنانی بنوێنرێ:




هێلكاری ژ.3، هێڵكاری شوێنكه‌وته‌یی (Lobner, 2000: 42)

ئه‌وه‌ی له‌و دره‌خته‌ی نواندنه‌كه به‌رچاو ده‌كه‌وێت كرداره‌كه وه‌كو نواندنی چه‌قه گرێ ده‌رده‌كه‌وێت، له ڕووی ئه‌وه‌وه هیچ لقه گرێیه‌ك نییه، كه‌واته به چه‌مكه ڕێزمانییه‌كه، هیچ ڕسته‌یه‌ك به به‌بێ كردار بوونی نییه، ئه‌وه‌ی پێویسته بوترێ، ئه‌وه‌یه كه ناولێنراوه‌كان(تیر ئاساكان) به پیتی گه‌وره نوێنراون، لقه گرێكان(بازنه‌كان) به پیتی بچوك، بكه‌ر و به‌ركار و دیارخه‌ر و دیارخراوه‌كان به پیتی گه‌وره نوێنراون چونكه، ئه‌وان به‌های لقه گرێكان ده‌ستنیشان ده‌كه‌ن، كه‌واته به‌های لقه‌گرێكان، سیماكان ده‌ستنیشان ده‌كه‌ن، بێگومان ئه‌وه‌ش هه‌ندێ مه‌رج به‌سه‌ر به‌هاكان ده‌سه‌پێنێ، بۆ نمونه ناكرێ به‌ركار به ئاوه‌ڵناوێك پڕ بكرێته‌وه، له هه‌ندێ له دره‌خته‌كان(سیمای بكه‌ر) ده‌رناخه‌ن له‌وه‌ی هیچ ڕسته‌یه‌ك بێ بكه‌ر نایێت ئه‌گه‌ر بكه‌ر ده‌ریشنه‌كه‌وێت(بڕوانه: Ostler, 1980:6).

### ٤.١ ڕۆڵی بابه‌تانه و كێشه‌ی نواندنه‌كان:

له ڕۆنانی پاڕسته‌كاندا ته‌نیا كێشه كه ده‌رده‌كه‌وێت، له‌و زمانانه‌ی ناڕۆنانییه‌كان(Non Configuration Languages)، دوو ڕێگه هه‌یه بۆ دروستكردنی هاوئاهه‌نگی و گونجانێك له نێوان بازنه و شوێنكه‌وتووه‌كانی و له نێوان ئه‌ركه ڕێزمانییه‌كاندا، به پێی گریمانه‌كانی چێوه‌ی مه‌عریفی.

### ٤.١.١. مەرجەکانی تاگگەرایی(Uniqueness Condition)

بنچینەی نواندنەکان لە دارشتنی چێوەکاندا بریتییە لە سێ مەرجی تاگگەرایی، ئەو مەرجە بە سەربەخۆیی لە ڕێگەی نواندنە هەڵبژێردراوەکاندا لە چێوەی مەعریفییەکەی (بارسالۆ) بەکار دەبرێ.

### ٤.١.٢. بۆگەڕاوە(سەرچاوە)ی چێوە تاکبەندی UR: unique frame referent

هەموو سیما و لقە سیماکان بە بەردەوامی بە یەک سەرچاوە بەستراوەتەوە. لە وێنە زانیارییەکاندا تەنیا یەک گرێ هەیە، کە ئەویش چەقە گرێیە، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێ بگەیتە گرێیەکانی تر لە ڕێگەی زنجیرە کەوانەیەکەوە، بە سیمایەک یا زیاتر

### ٤.١.٣. تاک بەهاکان: unique values (UV)

سیماکان بریتین لە بەشێک لە ئەرکەکان: هەموو سیماکان ئاماژەن بۆ هەموو ئەگەرێکی خاوەندارەکان، کە لەیەکتر جیاوازن.

### ٤.١.٤. تاکە سیماکان: Unique Attribute(UA)

هەر سیمایەک تاکە بەهایەکی دەبێ، هەر سیمایەک بە سەر کەرەستەیەکی دیاریکراو جێبەجێ دەکری، بە واتایەکی تر، هەر سیمایەک لە سەر کەرەستەیەکی دیاریکراو جێبەجێ دەکرێ، تەنیا بۆ یەکجاریش UR ئەوە دەسەپێنێت کە دەبێ چێوەکان وەکو یەکەیەکی گشتی یەکگرتوو دابڕێژرێ وبە ڕێگەیەکی دیاریکراو.

تاکە سەرچاوە ئەوە بە دوور دەزانێت کەوا وێنە زانیارییەکانی چێوەکان وێنەی لقە زانیاریی وا تیدابێ بە هیچ لایەک نەبەسترابێتەوە، بەوەش وێنەزانیارییەکان دەبێ گرێی سەرچاوەی تێدا بێت(بڕوانە: Peterson, 2007:18) بە پێی بۆچونەکەی پیتەرسۆن بە پێی چەمکەکان، چێوەکان وەکو تۆڕێکی یەکگرتووی تێکچرژاوی کەرەستە و سیما و بەهاکان سەیر دەکرێ، گرێیەکی دیاریکراوی هەیە بۆ گەڕاوەی چێوەکە بە تەواوی دەنوێنێ.

### ٥.١. نواندنی چێوەکان لە ڕێگەی وێنە زانیارییەکانەوە دەبێ:

تاکبەهاکان UV بنەڕەتین، ئەوە بە دوور دەزانێ کە سیماکان بە پەیوەندی نائەرکی دابنێ، کەرەستەکان بە کەوانە پەیوەندیدارەکانەوە ببەستێتەوە، بۆ نمونە:

لە چێوەی مەعریفی کەسێکدا ئەم سیمایانەی بە منداڵ ناو دەبرێ کە تایبەتمەندی کوڕ و سەرەکان دەبەستێتەوە، دەستنیشانکردن یەکێکە لەو سیمایانەی کە دەبێ سنووردار بکرێت، بۆ نمونە بەهای سیمای ڕەنگ بۆ نمونە تەنیا ئەوە نییە کە سەوز بێ، بەڵکو ڕەنگێکی فێنک، نەرم و گونجاوە. لێرەدا ئەوە لەگەڵ ئەو مەرجە دژ بە یەک ناوەستێ، کە تەنیا یەک ڕەنگ وەکو سیما وەربگرێ وەکو بەها، بەڵام وەسفە شوێنگرەوەکانی پێشبینی جیاوازی ناسنوردار دەگرێتەوە، دەکرێ بەهاکان ئاڵۆز بن، بۆ نمونە ئاراستەی دوورییەکان، لە ڕووی شوێنەوە فرەرەهەند بن، بۆ نمونە، شێوە ئەندازەییەکان.

### ١.٢. ڕۆنانی سینتاکسی بە پێی چێوەی مەعریفی:

لە چوارچێوەی لێکدانەوەی ڕۆنانی سینتاکسی، چێوە تیۆرییەکەی لە بەرامبەر دوو لایەن دەوەستێ، ڕۆنانە سەرەکییەکان و ڕۆنانە شوێنکەوتووەکان، یان ئەرکەسینتاکسییەکان و سیماسینتاکسییەکان. لێرەدا دەبێ جەختکردنەوەکە لەسەر ڕۆنانە سینتاکسییەکان بێت. هەندێ زمان هەن ناتوانرێ ڕۆنانە سینتاکسییەکان بۆ ڕۆنانی سەرەکی و لاوەکی (شوێنکەوتوو) دابەشبکرێت. ئەو زمانانەی پێیان دەوترێ زمانە ناپێکهاتییەکان، وەکو زمانی سلاڤی( Slavic language)، زمانی (روسی)ش نمونەی جۆری کلاسیکی ئەو زمانە ناپێکهاتەییانەن. زۆربەی زمانەکانی جیهان لە ئاستی سینتاکس بونیادنانی ڕستە پەیوەندی بە بنەمای بەستنەوە و گرێدانی نێوان کەرەستەکانی ڕستەوە هەیە، نەک ڕێزکردنێکی لەخۆوە، ئەوەش بەسەر تیۆرەکانی کۆن و نوێدا جێبەجێ دەکرێ، واتە تەنیا ڕیزکردنێکی ئاڵۆزی هێماکان نییە، بەڵکو بە پێی سیستەمێک بەڕێوە دەچێ. کەرەستەکان تیایدا بونیادنەرن و هەر کەرەستەیەک خاوەن سیما و ئەرکی تایبەتی و دیاریکراون، تەنیا رادەیەک کەرەستەکان سەربەخۆییەکیان هەیە، ئەوەش بە پێی سێ پێوەر بەڕێوەدەچن وەکو ئەوەی (ڤان ڤالین) دایدەرێژێ.

### ١.٢.١. بنەمای جێگۆڕکی Substitution:


گۆڕینەوەی توخمێک بە توخمیکی تر، ئەویش لە ڕووی فۆڕمەوە.

### ١.٢.٢. گۆڕینەوە Permutation:

لەوانەیە توخمێک/ کەرەستەیەک لە شوێنی جیاجیا لە ڕستەکەدا دەربکەوێ، بەڵام دەبێ یەکێتی بونیادی ڕستەکە بپارێزێ.


### ٣.١.٢. هاوگونجان لە بەستنەوەدا Coordination:


بەهۆی ئامرازەکانەوە کەرەستەی ڕستەکان بەیەکەوە دەبەستریێنەوە. (بڕوانە: Van Valin, 2001:112). گەر ڕستەکەی پیشوو بە هێڵکاری درەختی بنوێنین:




هێلكاری ژ.4 درەختی ڕۆنانی ئاسایی فرێزی (کچەکە بۆقە پەمەییەکەی بردەوە).

درەختی ڕۆنانی فرێز و وێنە زانیارییەکانی چێوە بازنەییەکان دەکرێ بە وێنە زانیارییە ڕاستەوخۆکان بنوێنرێ، واتە بە پێی چێوە مەعریفییەکان:






هێلکاری ژ.5 نواندنی ڕۆنانی پێکهاتەکان بە پێی لقە چێوەیەکی بۆماوەیی(Mereological subframe)

بۆ لێکدانەوەی وێنە درەختییەکە، ئەو هەنگاوانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

ا. گرێی دایک لە لوتکەی درەختەکەدا وەکو چەقەگرێ سەیر دەکرێ

ب. هەموو لقە گرێیەکان لە درەختەکەدا، جگە لە گرێ فەرهەنگییەکان بە گرێ دەگۆڕدرێنەوە.

ج. ڕاستە هێڵەکان و کەوانەکان دەگۆڕدرێنەوە، کە لە لقە گرێکانەوە بۆ لقە گرێی دیکە دەڕون.

د. هەر کەرەستەیەک کە لقە درەختێک دروست دەکات، ناوەکەی بە لقە گرێیەک دەگۆڕدرێتەوە بە پێی ناوی کەوانەکە دەبێ، کە بۆ لقە گرێیەکە دەڕوات.

هـ. لقە درەختەکان لە درەختەکەدا دەگۆڕێن بۆ وەسفکردنی بەهای ئەو گرێیەی لێیەوە فراوان دەکەن (بڕوانە: Lobner, 2012:7).

دەکرێ ئەو وێنە زانیارییە چێوەیە، کە وەکو ڕۆنانێکی بۆ ماوەیی هێماکان سەیر دەکرێ، لە چێوەی هێما ئالۆزەکانی زمان، ئەو خوێندنەوەی خوارەوەی بۆ بکرێت:

بۆ گەڕاوەی هێڵکاری ڕۆنانە بنچینەییەکە بریتییە لە ڕستەکە بە گشتی. ڕستەکە لە دوو بەش پێکدێت: ف.ن- کچەکە و ف.ک- بردەوە(بۆقە پەمەییەکەی بردەوە)، Np[Of]و VP [Of] هەردووکیان سیمای ڕستەکەن. هەروەها [Of] وەکو سەر و گەدە دەبێتە سیمای جەستەی مرۆڤ. هەروەها سیماکانی تری لای خوارەوە Low- Attribute ئەوانیش سیمای بۆماوەیی و جێگیرن. Dسیمای دیارخەرییە بۆ(N,NP)، کە پێی [Off] گرێدەدرێن، گرێ لاییەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە گرێی دایکەوە نابێ، بۆنمونە کچەکە The girl- پێکهێنەری (N) نییە، بەڵکو خۆی (n)ە لە هێڵکاری چێوەکەدا لە هەمان کاتدا دەبێتە بەهای سیماکان کە لەگەڵ بەشەکانی خوارەوەدا دەگونجێ، بەوەش (کچ-girl) بەهای (N)ە بۆ بکەری (NP)ی ڕستەکە و pink بەهای (N)ە بۆ بەرکاری ڕستەکە (بەرکاری ڕاستەوخۆ)ی (VP)ی ڕستەکە.

گەر بگەڕێینەوە بۆ وێنەکە دەکرێ بە هەردوو زمانی داڕشتەیی ئاسایی و داڕشتەی چێوەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، بە زمانی سینتاکسی ئاسایی: پەمەیی لەگەڵ بۆقەکە دەبنە دەستەخوشک، بۆ (N`) ن-بار کردارەکە (won) لەگەڵ (NP) دەبن بە دوو کچ بۆ فرێزی کرداری VP.

### ٢.٢. بە دیوەکەی تری شیکردنەوەکە بە تایبەتمەندی تاکبەندییەکان.

ڕۆنانی تاکە سەرچاوەکانی بە هێمای ئاماژەیی URC دەبێ(Unique Referent construction) یەک دایک وەکو تاکە سەرچاوە بۆ هەموو ڕۆنانەکە دەبێ، کە هەندێ جار فرەیزێک یان ڕستەیەک، بگرە جاری وا هەیە کردارێک ئەو ڕۆڵە دەگێڕێ.

### ١.٢.٢ ڕۆنانی تاکبەهاکان UVC:

پێکهاتە تاکەکان تاکبەندن، ئەوانەی دەبن بە دەستەخوشک وەکو دوو کچی یەک دایک کاردەکەن، تاک سیماکان UAC لە ڕۆنانی سیما تاکەکاندا ئەو کچانەی دەبن بە لقە سیما بۆ دایکەکان هەردەم لە پۆلی جیاواز دەبن بۆ N, A دەبن بە کچی یەک دایک. Stassen ساڵی ٢٠٠٠ تێبینی ئەوەی کرد، کە دەکرێ زمانەکان بە سەر دوو پۆلدا دابەشبکرێن:

### ٢.٢.٢ پۆلە زمانەکانی AND:


ئەو پۆلە بە پێی مامەڵەکردنیان لەگەڵ دۆخەکەیاندا دەردەکەوێ بۆ زمانی ئینگلیزی لە کاتی بەستنەوەی دوو (ف.ن) (و-rund) بەکاردێن بۆیە دەچنە خانەی زمانە واوییەکان چونکە ئامرازی لێکدەر/ بەستنەوەی (And) بەکار دێنن. بۆ نمونە:

Ken and Jo

ئازە و نازە

### ٣.٢.٢ پۆلە زمانەکانی with:

زمانە (لەگەڵ)ییەکان With language بۆ بەستنەوەکە ئامرازی بەستنەوەی with بەکاردێنن لە زمانە واوییەکاندا زاراوەی هاوگونجانی هاوتەریبی بەکار دینن کە بەرامبەر بە زاراوەی Paratactic Coordination بەکار دێنن، سەیری ئەم هێلکارییەی خوارەوە بکە(بڕوانە: Stassen, 2000:126):




هێلکاری ژ.6 ڕۆنانی پێکهاتەکان لە فرێزە هاوڕێکەکاندا(Zhang, 2009:242)

جیاوازی نێوان ئەو دوو جۆرە زمانە لەوەدایە، وەکو ئاماژەمان پێدا لە بونیادنانی دۆخەکاندایە، بۆ نمونە زمانی ئینگلیزی ئامرازی لێکدەری (و) بەکاردێنێ کاتێک دوو ڕەگ پێکەوە گرێدراون، یان ڕەگی دوو کردار بەیەکەوە گرێدەدات وەکو (come and go) لە ڕۆنانێکی هاوگونجاوی هاوڕێک، کەچی زمانە (لەگەڵ)یەکان بۆ نمونە لە ڕۆنانەکەی پێشتر Ken لەگەڵ Jo، جۆری زمانی دووەمیان، کە ڕۆنانەکە هاوتا نییە باشتر لەگەڵ UAC دەگونجێ. بەکارهێنانی لە درەختەکاندا

بریتییە لە کورتکراوەی لقە درەختەکان بۆ ئەو فریزانەی شینەکراونەتەوە.

(ئەندرسن، ١٩٧٧) سەبارەت بە دۆخی شوێن لە چوارچێوەی چێوەی مەعریفییەوە دووبارە بووەکاندا تیۆرێکی خستەڕوو، دوای ئەویش (ئۆستلەر، ١٩٨٠) بیرۆکەیەکی نزیک لەوی خستەڕوو، بۆچوونەکانی ئەوان زیاتر پەیوەست بوو بەو پێوەرەی ڕۆڵی بابەتانە، کە پێشتر و دوای ئەوانیش چۆمسکی لە چوارچێوەی ڕۆڵی سیمانتیکی لە چوارچێوەی تیۆری GB خستیەڕوو( بڕوانە: Anderson, 1977:55-Ostler, 1980:408 ).

پێوەری (theta) بۆ چێوەی دۆخەکان کە بە ڕۆڵی بابەتانە، ڕۆڵی واتایی، ڕۆڵی سیمانتیکی و زۆرجار بەθ ڕۆڵ نیشانە دەکرێ، لەبەرامبەردا بە ڕوونی چێوەی – UA- دەگریتەوە- تاک سیماکان-سیمای تاکبەندەکان، ئەو نیشانەیە θ چۆمسکی لە (فیلمۆر)ی وەرگرتووە، هەر ئەرگۆمێنتێک کەرەستەیەک تەنیا یەک ڕۆڵ وەردەگرێ، چاکتر وایە بڵێین یەک ڕۆڵی پێدەدرێ(بڕوانە: Chomsky, 1981:36) ئەرگۆمێنتەکان/ کەرەستەکان بریتین لە بەهای سیمای دۆخەکان.

کەرەستەکان ڕۆڵیان پێدەدرێ(ڕۆڵی بابەتانە) ئەگەر هاتوو بەها- Valueی سیماکە Attributeەکەی هاوڕێک بێ لە ڕۆڵە بابەتییانەکە. پێوەری سیتا Criterion- θ هەندێ مەرجی جیاواز دەخاتەڕوو، لە ڕێگەی چێوەکانەوە. بۆ نمونە: سیما جیاوازەکانی هەمان کردار ناتوانن بەشداری بەهاکانیان بکەن. بە واتای ئەوەی لە سیمایەک بەهای خۆی دەبێ سیماکان ناتوانن لە بەهایەک هاوبەش بن، ئەوەش بە مەرجێکی تری تاکبەندەکان- Unique- دادەنرێ. بۆ نمونە:

ئەگەر گۆڕاوی x بەهای سیمایەک بێ، ئەوا مەرجە بە گونجاو دەربکەوێ بۆ کەرەستە سەرەکی و تەواوکارەکانیان (شوێنکەوتووەکانیان/ ناسەرەکییەکان. ئەوکاتە کەرەستەکە (P) خاوەندارەکە دەبێتە بەهای ئەو سیمایە، بە دیوە ڕێزمانییەکان ناکرێ پێکهێنێک دوو ئەرک بگێڕێ، وەکو ئەوەی سەر بە هەمان دایک یان وابەستەی هەمان سەرە بن. لە چێوەی تاکبەندەکاندا، گرێکان لە چێوەکان دەکرێ بەهای زیاتر لە سیمایەک بن(بڕوانە: Stassen, 2000: 138).

(Corbett) لە دۆخی ژمارەکاندا جیاوازی لە نێوان دوو جۆر دۆخ ڕۆڵی بابەتەکان دەکات، هەندێک لە ژمارەکانی کۆکردنەوە دەچنە دەرەوەی یاساکانەوە، نمونە بە زمانی هۆڵەندی دێنینەوە:

Bugol -e- ou


کۆ – کۆ- ڕەگ (منداڵ)


### ٣.٢ لە بەرامبەردا لە زمانی کوردیدا:

میوە جات- ەکە- ان

ڕەگ کۆ ناسیاوی- کۆ

ئەوە بە کۆکردنەوەیەکی نارێک ناودەبرێ، بەڵام (کۆربیت) پێداگری لە سەر کۆکردنەوەی ژمارە ڕێکەکان دەوەستێ. وەکو کۆمەڵێک منداڵ لێکدەدرێتەوە/ کۆمەڵێک منداڵان، دەکرێ کۆکردنەوە ڕێکەکە بە کۆکردنەوەی ئەرکی ڕێزمانی ناوەندی، ئەوەی دووەم بە کۆکردنەوەی گشتی لە کوردی: مێگەڵە مەڕەکان، کۆربیت نارێکەکان بە کۆکردنەوەی کەڵەکەبووەکانیش ناو دەبات، لە زمانی ئەڵمانی بۆ نارێکەکان: Kinder-en پاشگری (en-)ی هۆڵەندی بۆی زیادکراوە، بەڵام فۆرمەکەی وەکو (کۆی سادە) مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ(بڕوانە: Corbett, 2000: 36) ئەگەر ڕستەکەی پێشوو بخەینە چێوەی مەعریفی دۆخە ڕۆڵە بابەتەکانەوە:







هێلکاری ژ.7 چێوەی وابەستەیی بە سیمای ڕێزمانییەوە.

ئەو سیمایەی کە بەهای (genitive) کارا وەردەگرێ، تاکە سیمای Np فرێزی ناوی بکەر girl دەبێ، کە چی سیمای دۆخ بەهای ئێرگەتیڤی وەردەگرێ دەبێتە سیمای دوا دایک، frog لەگەڵ ڕێکدەکەوێ. سیما ڕێزمانییەکان Grammatical features دەکرێ بە سیماکانی ڕۆنانی چێوەکان لێکبدرێتەوە واتە: Attributes of Structure Frames.

لە وێنەی سەرەوەدا هەردوو سیمای دەمکات Tense و ژمارەکان Number زیادکراوە لەو گرێیانەی کە گونجاوە، یەکێک لەو کەرەستە نافیزیکییانەی کە بە هۆی کەرەستە، یان شتی ترەروە دەتوانرێت بپێورێت بریتییە لە کات(محمدامین، توفیق 2024: 95) تا ڕادەیەک قورس لێکدەدرێتەوە وەکو ئەوەی چۆمسکی ١٩٩٥ لە پرۆگرامی بچوککراوەدا باسی دەکات. لەوانەیە ئەوە ئاسانتر بێت ئەگەر ڕێزمانی ئەرکی LFG یان لە ڕێزمانی رۆنانی سەرەی فرێزەکان باشتر جێبەجی بکرێت. ئەو لایەنە ریزمانییەی سیما ڕێزمانییەکان دەخاتەڕوو چاکترین نواندنی مەعریفی بۆ ڕۆنانە ڕێزمانییەکان دەکات، ئەوەش لە شێوەی چێوەکان دەیخاتەڕوو.گریمانەی چێوە کۆتبەندەکان، هەندێ کۆتی توند دەخاتە سەر سیما ڕێزمانییەکان سەبارەت بە ڕۆنانە سەرەکی و شوێنکەوتووەکان و ئەرکە ڕێزمانییەکان، ئەوەی دەردەکەوێ ئەوەیە، کەوا تیۆری چێوەکان زیاتر بۆ کەرەستە سەرەکییەکان گونجاوە لە پاڵ کەرەستە شوێنکەوتووەکانەوە، وا لێکدەدرێتەوە کەوا ئەرکە ریزمانییەکان تاکبەندین لە ناو ڕستەکاندا(بڕوانە: Bresnan, 2000:7). سەیری ئەو وێنە زانیارییەی خوارەوە بکە:




هێلکاری ژ.8 چێوەی دۆخەکان و پەیوەندییان بە ڕستەوە.

تیۆرەکە باس لە چێوەی دۆخەکان دەکات بە هۆی بەستنەوەیان بە ڕۆنانی ڕستەوە، ئەو بەستنەوەیە بۆ زمان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە بۆ زمانێکی وەکو یابانی.

لەو ڕستەیەی بە زمانی ژاپۆنی و ئینگلیزی خرایە ڕوو، کە بە درەختە وێنەییەکەوە ڕوونکراوەتەوە کرداری(bug-kan)دەکرێ ئاماژە بێ بۆ فۆرمیکی چوارپێگەیی بە جۆرێک کەرەستەکان و تەواوکارییەکانیان دەخاتەڕوو بەو شێوەیە:

کارا: Agent

وەرگر:Recipient

بابەت:Them

نیشانەی جێگە:Location mark بە ئامرازی دۆخ (ga).

نیشانە و زاراوەکان بەو شێوەی خوارەوەیە بۆ زمانی ژاپۆنی:

Nominative= ga

Accusative= 0

Locative= de

Dative=ni

زمانی یابانی لە ڕێزمانەکەیدا ئاماژە بە کەرەستەی جیاواز دەکات لە چێوەی مەعریفی دۆخەکاندا بە هۆی نیشانە دۆخەکانەوە، لە پاڵ دۆخەکاندا ڕۆڵی جیاواز بە کەرەستەکان دەدات لە ڕێگەی کردارەکەوە (بڕوانە: (Chomsky,1981:128

زمانی یابانی لە پۆلی زمانە نووساوەکانە، زمانی کوردیش بەشیک لە پۆلە زمانە لە ڕەفتارە ڕێزمانییەکانەوە ڕەنگ دەداتەوە، سەیری ئەو ڕستەی خوارەوە بکە:

نازە دیارییەکەی بە ئازاد بۆ هەولێر نارد.

**١.٣.٢. دۆخەکان:**

نازە: دۆخی بکەری...Nominative

دیاری: دۆخی بەرکاری...Accusative

بە ئازاد: دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ .. Dative

بۆ هەولێر: دۆخی شوێن... Locative


**٢.٣.٢. ڕۆڵەکان:**

نازە: ڕۆڵی کارا Agent

دیاری: بابەت/ باسلێکراو

بە ئازاد: ئامێر- Instrument

بۆ هەولێر: ئامانج/ شوێن- Goal




هێلکاری ژ. 9

## ئەنجامەکان:

ئەم توێژینەویە، ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی لێدەکەوێتەوە:

1. کاتێک وەرگر هەر وشەیەک وەردەگرێت بە بیستن، یان خوێندنەوە، وێنەی وشە بۆ ماوەیەکی کەم لە یادگەی کورتخایەن دەمێنێتەوە، دواتر وێنەی وشەکە بۆ لای چەپی مێشک و هەموو شوێنکەوتەی وشەکە، لە وێنە، شێوە و ڕەنگ و... بۆ لای ڕاستی مێشک دەکشێ و وەکو چەمک ئەنبار دەکرێت.
2. لە بەستنەوەی چێوەی مەعریفی(کە بە چەقەگرێ و سیما و بەهاکان) دەنوێنرێن، بەستنەوەیان ڕۆڵی بابەتانە Role-θ، چەقەگرێ شوێنی کردارەکان پڕدەکاتەوە، بە واتای ئەوەی هەر چۆن کردار ڕۆڵی واتایی بە کەرەستەکانی ناو ڕستەکە دەدات، بە هەمان شێوە چەقەگرێیەکان سیماکان (Attribute) بە لقە گرێکان(Sub-node)ەکان دەبەخشێ.
3. وەک چۆن هەر فرێزێکی ناوی بۆی هەیە تەنیا یەک ڕۆڵی واتایی وەربگرێت لەلایەن کردارەوە، بە هەمان شێوە هەر لقەگرێیەک دەتوانێت تەنیا یەک سیما لە چەقەگرێوە وەربگرێت.
4. ئەو بەهایانەی دوای سیماکان دێن، ژمارەیان بۆ دادەنرێت، ئەگەر بە ژمارەش بن بە شێوەیەکی هەرەمی(قوچەکی) ڕیز دەبن، هەر چۆن ڕۆڵی بکەر لە درەختە نواندنی سینتاکسیدا ڕۆڵ و بەهای زیاترە، بە هەمان شێوە، بەهاکانی چێوە مەعریفییەکان وەکو هەر شتێک دادەڕێژرێن.
5. ئەو تیۆرە لە سیمانتیکی درکپێکردن مامەڵە لەگەڵ تۆڕی کۆزانیاریی، نەک وشە فەرهەنگییەکان دەکات..

## سەرچاوەکان:

- محمدامین، گوڵچین عزیز، توفیق، قیس کاکل (2024)، میتافۆڕی چەمکیی پێوانەکردنی کات لە زمانی کوردیدا(زاری ناوەڕاست بە نمونە)، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، Vol.28 pp94-115 .
- Anderson. J.(1977), On case grammar, Croon Helen London.
- Barsalou, L.W. & Hale. C.R. (1993), Components of conceptual represent, Santiago, CA: Academic press
- Barsalou, L.W. (1991), Deriving categories to achieve goals, Cambridge university press.
- ………. , ……… (1999), flexibility, structure and linguistic vagary in concepts, Erlbaum, London.
- Bersnan. J.(2000), Lexical functional syntax, Blackwell, Oxford.
- Chomsky. N.(1981), Lectures on government and binding, Foris, Dordrecht.
- Corbett. G,(2000), Number, Cambridge university press.
- Löbner.S, (2012), Functional concepts and hodder frame, London.
- Mandler. J.M & Ritch. G.H, (1977), Long-term memory for picture , Journal of memory and language, 3.386.
- Morphy. GL. & Matt . B.C, (1991). Meaning and concepts, Hillsdale, Nj, Erlbaum, London.
- Peterson. W. (2007), Decomposing concepts with frames, university of Latvia press.
- Ostlert.N, (1980), A theory of case linking and agreement. Indiana university press.
- Van Valin, R. (2001), Compiler first? On the evolution and development priority of semantically thick words. Cambridge university press.
- Stassen. L.(2000), And language and with languages, Cambridge university press.
- Zhang.N,(2009), Coordination in syntax, Cambridge university press.

**Kurdish Language between Concept and Meaning**

**Gulbahar Omar Ahmad**
Department of Kurdish language, College of Language, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
gulbaharchali@gmail.com

**Sebah Rashid Qadr**
Department of Kurdish language, College of Language, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Dr.sabahrashed@yahoo.com

**Abstract**
This research entitled (Kurdish language between concept and meaning). Which explains that meaning is not abstract and truth condition, but embodied and experiential. It arises from our sensory- motor experiences, interaction with the world and cognitive processes (like perception, attention, categorization). The formulation of the cognitive framework for this idea goes back to (Charles Fillmore), when he said that: A cognitive frame is a structured mental knowledge schema representing a coherent segment of human experience, belief, or practice. Frames encompass participants roles entities, sequence of events.

**Keywords:** cognitive frame, perception, sensory, motor experience, centrality of frames.

**اللغة الكردية بين المفاهيم و المعاني**

**كولبەهار احمد عمر**
قسم اللغة الكوردية، كلية اللغات، جامعة صلاح الدين-
أربيل,إقليم كوردستان,العراق
Dr.sabahrashed@yahoo.com

**صباح رشيد قادر**
قسم اللغة الكوردية، كلية اللغات، جامعة صلاح الدين-
أربيل,إقليم كوردستان,العراق
gulbaharchali@gmail.com

**الملخص**
هذا البحث يحمل عنوان (اللغة الكردية بين المفاهيم و المعاني) يهبو البحث لتوضيح بأن المعنى ليس مجرداً او قائماً على شروط الصدق، بل هو متجسد و قائم على خبرة. ينشأ من تجاربنا الحمية- الحركية و تفاعلاتنا مع العالم و العماليات الادراكية كا(الادراك، الانتباه و التضيف) صياغه الاطار المعرفى لهذه الفكرة تعود لتشارلز فيلمور و الذى طرحها ضمن اطار المعرفى هو نمط معرفى ذهنى منظم و يمثل جزء متماكساً من الخبره او المعتقد او الممارسة البشرية، و لتكمل أطر المشاركين(الادوار) الكيانات، المتعلقات، تسلسل الاحداث... الخ.

**الكلمات المفتاحيية:** الاطار المعرفي، الادراك، التجارب الحسية- الحركية، محورية الاطر.